# "گابۆڕ"، مەیلی بەڕاڤە نەکردنی مێژوو

*بووتیقای گێڕانەوە لە ڕۆمانی "گابۆڕ"، نووسەر: سەیدقادر هیدایەتی*

کاوان محەمەدپوور

## پێشەکی:

لە زانستی گێڕانەوناسیدا، بنەڕەتی گێڕانەوە،(گێڕەوە)[1]یە. گشت بەسەرهات و ڕووداو و دیالۆگ و شێوە نواندنی کاراکتێرکان لە گۆشەنیگای[2] گێڕەوە بۆ بەردەنگ دەردەکەوێت. واتە بەردەنگ جیهانێک مانا دەکاتەوە کە گێڕەوە پێناسەی دەکا. زۆر جار خودی نووسەر گیرۆدەی شێوەگێڕانەوەی گێڕەوە دەبێتەوە و توانستی دەرباز بوونی لە شێوەنیگای ئەو نییە. لەگێڕانەوەناسیدا (نووسەر و گێرەوە) دوو چەمکی جیاواز لە یەکن- ڕەنگە لە کۆمەڵناسی و دەروونشیکاری ئەدەبی وەها نەبێت-. نووسەر کەسایەتییەکی ڕاستەقینە، بە گۆشت و پێست و خوێنە و لە دەرەوەی چیرۆک و لە جیهانێکی واقعیدا ژیان دەکا، بەڵام گێڕەوە کەسایەتییەکە کە تەنیا لە ناو چیرۆکدا بوونی هەیەو لە جیهانی ڕاستەقینە هیچ ئاسەوارێکی نییە. تەنانەت ئەگەر لەگەڵ چیرۆکێک بەرەورووو بینەوە کە لەودا نووسەر وەها ئیدعا بکا، گێڕەوەی خۆمم-واتە نووسەرە-و بەسەرهاتی خۆمە و بە چاوی خۆم دیتوومەو بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە، دیسانەکە گێڕەوە جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ خودی نووسەر هەیە. گێڕەوە ئامێرو کەرەستەیەکی گێڕانەوەیە کە تەنیا بە هۆی گێڕانەوەی چیرۆکە کە ناوی (گێڕەوە)ی لەسەر دەنرێت و تەنیا بەهۆی ئەو چیرۆکەوە مانا و بوون پەیدا دەکا. بەڵام نووسەر وەکوو مرۆڤێکی ئاسایی بێ ئەوەی هیچ چیرۆکێک بگێرێتەوە وەکوو مرۆڤ بوونی هەیە، ئەم جیاوازی و سەرەکی بوونی گێڕەوە لە کاتی گێڕانەوەی بەسەرهات، بۆتە هۆی ئەوەی لە مێتۆدی گێڕانەوەناسیی‌دا، بۆ تاوتۆی شێوە بەکارهێنانی کەرەستەی گێڕانەوە، باسەکە لە گێڕەوەی چیرۆک

1. Narrator
2 .Point Of View

www.Kurdishbookhouse.com

ڕا دەست پێبکرێت و لە یەکم هەنگاو بە دیاری کردنی چەشنی گێڕەوە، وردە وردە دەرفەتێک بۆ ڕوونکردنەوەی تەکنیکەگەلی بەکار هێنانی ئەو کەرەستەیە و لایەنەکانی‌تری گێڕانەوە بدۆزرێتەوە. من لەو وتارەدا حەولی ئەوەدەدەم بە کەڵک وەرگرتن لە مێتۆدی گێڕانەوەناسانەی ژێرارد ژێنێ (Gérard Genette)، بەشێک لە کەرەستەکانی گێڕانەوەی ڕۆمانی گابۆر، شی کەمەوە. هەڵبەت خودی گریمانەی گێڕانەوەناسیی دەرفەتی ئەوەمان پێدەدات بە پێی چەشنی بەکارهێنانی گێڕەوە و کارکردی ئامێری گێڕانەوەیی، لە مۆدێلی گێڕانەوەناسیی ژێنێ -یان هەر کەسیکی‌تر- بترازێین و ئەگەر چیرۆک توانستی نوێی پێ بوو دەریخەیەن-ئەگەر چی لەو مێتۆدەدا بە ڕوونی ئاماژە نەکرابێت-. هەر ئەو ڕوانگە بە مێتۆد، ئێمە بەرەو گریمانەیەکی‌تر دەبا. واتە بۆ وڵامەکانی خۆمان پێویستە مەنزوومەیەکی گریمانەیی پێک بێنین، ئەو مەنزوومە گریمانەیە، هەم دەرفەتی ئەوەمان پێدەدات کە لە مێتۆدگەلی جیاواز-هەڵبەت لە یەک پارادایمی هاوسان- کەڵک وەرگرین، هەمیش لە دەرئەنجامدا بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە یەکەم: ئەم ڕۆمانە چ جیاوازیەکی لەگەڵ ڕۆمانەکانی پێش خۆی هەیە-هەڵبەت ئەگەر هەی بێت-. دووهەم: بەو دەرئەنجامە دەگەیەن کە نووسەر چڵۆن کەرەستەی ئەم جیاواز بوونەی بەکار هێناوە. لەم وتارەدا من دستپێکی شیکاریەکم لەسەر مێتۆدی گێڕانەوەناسیی-ژێرارد ژێنێ- دادەنێتم و دواتر بە ڕوانگەیەکی هێرمنۆتیکی لەحەولی ناسینی نیشانە-مانایەکانی ڕۆمان بۆ شی کردنەوەی زیاتری توانستەکانی نووسەر دێم.

**چەشنەکانی گێڕەوە:**

بۆ دەرخستنی پێگەی گێڕەوە لە چیرۆکدا پێویستمان بە دوو دەستە زانیاری هەیە. یەکم: چۆنیەتی پێوەندی گێڕەوە لەگەڵ چیرۆکە- کە ئایا گێڕەوە خۆی یەکێ لە کاراکتێرەکانی چیرۆکە یا نا؟- دووهەم: ئاستی گێڕانەوەیی گێڕەوەیە- واتە ئایا گێڕەوە چیرۆکێکی دەستەیەکەم دەگێڕێتەوە یان نا و خۆی مەفعوولی گێڕانەوەیەکی‌ترە؟-. لە چۆنیەتی پێوەندی گێڕەوە لەگەڵ چیرۆک، دوو چەشنە گێڕەوە دەردەکەوێت، یەکیان خۆی وەکوو کاراکتێری ناو چیرۆکەکەیە، واتە چیرۆک لە گۆشەنیگای ئەو کاراکتێرە بۆ زەینی بەردەنگ هەنادرە دەکرێت و خۆی وەک کەسایەتی دەوری لە ناو چیرۆک دا هەیە، ئەم چەشنە گێڕەوە بەسەرهاتی خۆی یان کەسێکی‌تر دەگێڕێتەوە، بەڵام لە هەردوو لاوە خۆی لە چیرۆک دا ڕۆڵ دەگێڕێت، بەم چەشنە گێڕەوە دەوترێت: (گێڕەوەی هاوسان). چەشنێکی ترمان هەیە کە گێڕەوە لە دەرەوی چیرۆکە و خۆی وەک کاراکتێر لە ناو بازنەی گێڕانەوەدا نییە و خەریکی

www.Kurdishbookhouse.com

گێڕانەوەی بەسەرهاتی کاراکتێر و رووداوی‌تره. ئەم چەشنە دەبێتەوە (گێڕەوەی ناهاوسان)، واتە ناهاوسان لەگەڵ کەسایەتی چیرۆک. لە باسی ئاستی گێڕانەوەداش دوو ئاستی ڕیوایی بۆ گێڕەوە پێناسە دەکرێت. ئایا گێڕەوە خۆی مەفعوولی گێڕانەوەیەکە کە لە پێشدا گێڕدراوەتەوە یان نا خۆی یەکەم ڕاوییە؟. ئەگەر گێڕەوە، چیرۆکێ بۆ ئێمە بگێڕێتەوە کە لە پێش ئەودا کەس نەیگێڕابێتەوە- مەبەستە لە ناو جیهانی خودی ئەم چیرۆکە دایە، نە لە دەرەوە- ئەوە لەگەڵ (گێڕەوەی دەرەکی) چیرۆک بەرەورووین. دەرەکی بەومانایە خۆی بەرهەم هاتووی هیچ چیرۆکێک نییە، واتە چیرۆکێکی گشتی‌تر لەودا بوونی نییە، بەڵام ئەگەر خۆی بەرهەم هاتووی چیرۆکێکی گشتی‌تر بێت و لەناو ئەو چیرۆکەدا دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکیکی‌تر بکات، ئەوە چیرۆکی (دەستە دووهەم)ە و خۆی دەبێتەوە (گێڕەوەی ناوەکی) چیرۆک. ڕەنگە هێنانەوەی نموونەیەک زیاتر باسەکە روونکاتەوە. لە چیرۆکی (هەزارو یەک شەو)دا، بەردەنگ لەگەڵ دوو چەشنە چیرۆک و دوو چەشنە گێڕەوە بەرەوروویە، چیرۆکی یەکەم، کە خۆی بەرهەم هاتووی هیچ چیرۆکێک نییە، هەمان چیرۆکی بەسەر هاتی کچە وەزیرێک بەناوی شەهرزادە کە بۆ رزگارکردنی خۆی بەردەوام دەبێت بۆ پاشا چیرۆک بگێڕێتەوە. گێڕەوەی ئەم چیرۆکە گێڕەوەیەکی دەرەکی-ناهاوسانە. دەرەکی بەو مانایە کە کەس چیرۆکی ئەو ناگێڕێتەوە و خۆی سەربەخۆ بوونی هەیە، ناهاوسانیش بەو مانایە کە گێڕەوە وەکوو کاراکتێر هیچ دەورێک لە ناو چیرۆک ناگێڕێت، بەڵام چەشنی دووهەمی چیرۆک، ئەو چیرۆکگەلەن کە شەهرزاد هەر شەو بۆ پاشایان دەگێڕێتەوە. -شەهرزاد لێرەدا گێڕەوەی هەزار و یەک چیرۆکە!-، کەسایەتی شەهرزاد لە ناو هیچ یەک لەو چیرۆکانەی دەیانگێڕێتەوە بوونی نییە، کەواتە ئەو لە تەکنیکی گێڕەوەی ناهاوسان گەڵک وەردەگرێت. بەڵام چون خودی شەهرزاد بەرهەم هاتووی چیرۆکێکی گشتی‌ترە و خۆی لەناو ئەم چیرۆکەیە مانا و بوون دەگرێت-واتە چیرۆکی هەزار و یەک شەو- ئەوە دەبێتەوە (گێڕەوەی ناوەکی چیرۆک)- کەواتە تەکنیکی گێڕانەوەی شەهرزاد بەهرەگرتوو لە کەرەستەی (گێڕەوەی ناوەکی-ناهاوسان)ە.

لە پاش ناسین و روونکردنەوەی چۆنیەتی پێوەندی گێڕەوە لەگەڵ چیرۆک و ئاستی گێڕانەوەی چیرۆک- کە چوار چەشنە گێڕەوەی دەرەکی-هاوسان، دەرەکی-ناهاوسان، ناوەکی-هاوسان و ناوەکی-ناهاوسان-ی لێ دەبێتەوە-، دەگەیەنە چۆنیەتی نواندنی گێڕانەوە لەلایەن ئەم چەشنەگەلە گێڕەوەیە، واتە ڕاوی چۆن ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە؟. بۆ پێناسەکردنی ئەم بەشەش پێویستە

www.Kurdishbookhouse.com

دوو شێواز لە شێوە نواندنی گێڕانەوە بناسین. یەکەم: مەودا[3]. دووهەم: ناوەندی کردنەوەی[4]. (مەودا)، بەو مانایەیە، کە گێڕەوە لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆک دا چەندە بە واقیعی ڕووداوەکە نزیکە؟. ئایا ڕێک گشت ڕووداوەکە دەتوانێ بە عەینییەتەوە بگێڕێتەوە و مەودایەکی کەمی لەگەڵ چیرۆک هەیە؟، یان نا تەنیا توانستی گێڕانەوەی بەشێک لەو ڕووداوەی هەیە؟. هەتا مەودای نێوان گێڕەوە و ڕووداو کەمتر بێت، ئەوە بەردەنگ لەگەڵ عەینیەتێکی زیاتر لە چیرۆک دا بەرووەڕوویە و، خودی بەسەرهاتەکانی چیرۆک بەباشی ئاگادارە، بەڵام کە مەودای نێوان چیرۆک و گێڕەوە زیاد بوو، لە عەینییەت کەم دەبێتەوە و بۆ شێوەی زەینی زیاتر خور دەبێتەوە، لێرەدا بەردەنگ لەگەڵ دەروناسیی کاراکتێر و هەومەرجەکانی زەینی-گێڕەوە/کاراکتێر –بەرووەڕوویە. ئەم چەشنە زەینییە لە چیرۆکگەلی مۆدێرنیستی زیاتر بەرچاوە. وەێدەچێت خودی گێڕەوە بەسەر چۆنیەتی چیرۆک و ڕووداوەکان ئاگادار نییە و نازانێت لە جیهانی دەرەکی و عەینی چی ڕوو دەدات، بۆیە بە جێگەی (وێستان) و باسکردن لە ڕووداوی چیرۆک ڕوو لە زەینییەتی کاراکتێر/ گێرەوە دەکا، بۆ نموونەی ئەم چەشنە ئەتوانین باس لە زۆربەی کارەکانی سامۆئێل بێکێت یان کافکا کەیەن. لە نموونەی ئەوەلیش-مەودای کەمی نێوان گێڕەوە و ڕووداو- چیرۆکی رئالیستی باشترین نموونەن. جیا لە لایەنی مەودا، چەمکی ناوەندی کردنەوە لە شێوەی گێڕانەوە و چۆنیەتی پێوەندی بەردەنگ لەگەڵ چیرۆک بنەڕەتییە. ئەگەر پرسیاری ئێمە لە (لەحن)، ئەوە بێت، (کێ دەیگێڕێتەوە؟)، پرسیاری ناوەندی کردنەوە، پرسیار لەوەیە کە کێ دەرکی-فامی- دەکا؟. واتە کاتێک چیرۆک دەگێڕدرێتەوە بگێڕەوە لە گۆشەنیگای-سیلەی ڕوانینی- کێوە خەریکە هێڵی چیرۆک دەباتە پێش-(لە چاوی کێوە ڕووداو دەبینێت و فامی دەکا؟). بۆ نموونە زۆرجار، کە گێڕەوە دەست دەکا بە گێڕانەوە، بۆ ئەوەی ڕووداوێک بۆ بەردەنگ باس کا دێت لە گۆشەنیگای یەکێ لە کاراکتێرەکان ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، یانی بەردەنگ ئەو جار نە قسەی و شێوە ڕوانیی گێڕەوە بەڵکوو شێوەڕوانین و دەرکی کاراکتێر دەبینێت، لە ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)دا، هەرکات گێڕەوە لە گۆشەنیگای یەکێ لە کاراکتێرەکانی ڕۆمان قسەدەکا و ڕوانگەی کاراکتێر بە چەمک و دەرکێکی تایبەت باس دەکا، ئەوە لە شێوەیەک لە ناوەندی کردنەوە کەڵک وەردەگرێت- وتووێژەکەی نێوان، ئیوان و ئیلووشا لەم ڕۆمانە بێنەوە بیرتان -، بە ڕوانگەی ژێرارد ژێنێ، لە هەر چیرۆکێکدا سێ شێوەی ناوەندی کردنەوەمان دەتوانێ هەبێ: ١) ناوەندی کردنەوەی سفر: کاتێک گێرانەوە لە

3. Distance
4. Focalization

(بە فارسی: کانونی شدگی). چەقسازی، ناوەندچێکەری، تیشکۆخولقاندن: مەبەست بەرچاوکردنەوە و لە ناوەند گرتنە.

www.Kurdishbookhouse.com

گۆشەنیگای هیچ کام لە کاراکتێرەکان ناگێڕدرێتەوەو بەردەنگ تەنیا لەگەڵ شێوە ڕوانینی گێڕەوە بەرەورووە، وەکوو چیرۆکگەلێک کە گێڕەوەی زانای گشتی هەیە. ٢) ناوەندی کردنەوەی ناوەکی: کاتێک ڕووداوی چیرۆک، لە گۆشەنیگای یەکێ لە کاراکتێرەکان دەگێڕدرێتەوەو بەردەنگ دەرک و فامی کاراکتێر لە ڕووادوەکە وەردەگرێت-وەکوو کاتێک ژۆرێف-کا لە ڕۆمانی مووحاکمەی کافکا، وسفی ماڵێکی ئاسایی دەکا کە لە فامی ئەودا وەک دادگا دەنوێنێت. ٣) ناوەندی کردنەوەی دەرەکی: کاتێک لە گۆشەنیگایەکی پەسیڤەوە چیرۆک دەگێڕدرێتەوە، واتە گێڕەوە وەکوو کامێرایەک تەنیا هەڵسووکەوتی کاراکتێرەکان پێشان دەدات و هێچ باسێک لە فام و دەرکی کەسایەتی لەمەڕ رووداو ناکا.

ئەم چەمکانەی باسمان لێ کردن لەکاتی گێڕانەوەدا چەندین لق و پۆیان بە پێی پێکهاتەی چیرۆک لێ دەبێتەوە، بۆ نموونە لە کاتی گێڕانەوەدا چۆن کایە بە زەمەن دەکرێت؟ سڕینەوە و وێستانی گێڕانەوەیی چۆنە؟ پاتەبوونەوە چۆن لە چیرۆک دا خۆ دەنوێنێت. بەڵام لەو وتارەدا واز لە پێناسە کردنی ئەم لق و پۆیانە دێنین و لە تاوتوێی ڕۆمانەکەدا ئەگەر پێویست بوو ئاماژەیان پێدەکەمەوە. هەر یەک لەم بەشانەی باسمان کرد لە کاتی هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی گابۆڕ جارێکیتر پاتەدەبنەوە، بۆیە بەو پێش فەرزە شیکاری دەکرێت، کە خوێنەر هەم ڕۆمانی گابۆڕی خوێندۆتەوە و هەمیش لەگەڵ ئەو دەستەواژانەی باسکرا ئاشنایە،

**گێڕەوەی توێژەری نهێنی:**

گابۆڕ، چیرۆکی بەسەرهاتی دوو مێرمنداڵی-سێزدە چواردە ساڵەی- بۆکانی لە کۆتایەکانی دەیەی شەستی هەتاوییە. چیرۆکی ئاشنایی و پرسیار لە شۆناسە. خوێندنەوەی بێڕاڤەکارانەی مێژوویەکی بزرکراوە. باڵزاک نووسەری فرانسی دەڵێت:" ڕۆمان، بیری لە بیرکراوی نەتەوەکانە". واتە ڕۆماننووس ئەو شوێنە لە مێژوو دەگێڕێتەوە کە مێژوونووس باسی لێوەناکا و کۆمەڵگا زۆرجار-هەڵبەت لە هەڵسووکەوتی‌دا- لەبیری دەکا. لە ڕۆمانی گابۆڕ، بەشێک لەو نهێنییە دەگێڕدرێتەوە کە ڕەنگە لە هیچ کتێبێکی مێژووییدا باس نەکرابێت، مەبەست لە باس نەکران ئەوەیە، مێژوونووسی تەنیا سەرچڵی سەردەمەکان بە بێ ئاماژە بە ڕوانگە و هەڵسووکەوتی تاکەکان باس دەکا و هیچ کات دەرفەتێک بۆ دەرخستنی زەینییەتی ئەو تاکانە نارەخسێنێت. ڕۆمانی گابۆڕ، بەپێی ڕووداوی ئاسایی-کە بە وتەی کۆندرا بنەڕەتی گشت بەسەرهاتەکانی ژیانی ئێمەیە-

www.Kurdishbookhouse.com

پێکهاتەی گشتی چیرۆک سازدەکا و هەر کام لەو رووداوە ئاسایانە لە درێژەی چیرۆک دەبنە هەوێنی بنەڕەتی چیرۆک. هەر لە لاپەڕەکانی یەکەمی چیرۆک بۆمان دەردەکەوێت، گێڕەوە هیچ بەنیازی شرۆڤە و ڕاڤە لە ڕابردوو نییە، بۆیە گشت گێڕانەوەکە دەخاتە سەرشانی کەسایەتییەکانی چیرۆک، ئەو تەنانەت باس لەوە ناکا تەمنی کاراکتێرەکان، فەزای و زەمەنی چیرۆک، ڕوخساو و جەستەی کاراکتێرەکان یان بیرو دەروونیان چۆنە، گشت ئەم شتانە و شتیتریش تەنیا و تەنیا لە زاری کاراکتێرەکان دێتەدەرێ، بە واتەیەک چەشنێک لە تێک لکاندنی دوو شێوە ناوەندی کردنەوەی ناوەکی و دەرەکی. گێڕەوە بەتەواوی خۆی لە شرۆڤە و ڕاڤە و باس دەپارێزێت و خۆی حەشاردراو و نهێنی دێڵێتەوە، ڕەنگە باس کردن لە مێژوویەکی مەترسی دار و ڕابردوویەکە کە هیچ دەقێکی ئەوتۆی مێژوویی لەسەر نەنووسراوە، گێڕەوەی تۆشی مەترسی کردبێتەوە، مەترسی لە درۆ کردن!!، مەترسی لەوەی کە بەسەرهاتەکە وەها نەبووبێت و ئەو دواتر بە درۆ بێتەوە- لانی کەم لە ڕاڤەکردنەوەیدا بەلارێدا بروا-، یانە مەترسی لەوەی کە خەریکە ڕابردوویەک باس دەکا کە کەم کەس هەنووکە لە مێشکی دا ماوە- مەبەستی لە هەڵسووکەوتی دا دیارە-. بۆیە هەر باشترە خۆی حەشارداتوو و گشت گێڕانەوەکە بخاتە ئەستۆی کەسایەتییەکان، گێڕەوە نادیاری گابۆڕ، تەنیا و تەنیا لە چەند ڕستەی بچووک لەنگەرێک بۆ گێڕانەوە دەگرێت، دەنا بەهیچ روو خۆی لە قەرەی باسەکە نادا. رێک ئەم هەڵسووکەوتەی گێڕەوە، وەها دەنوێنێت کە جیا لەم چیرۆکەی کە لە دەمی کاراکتێرەکان دێتەدەرێ، چیرۆکێکی گشتی تر بوونی هەبێ. ئەم چیرۆکە-چوون لە پەڕدەق°دا- باسی لێوەناکرێت، ڕەنگە بەردەنگ لە جاری یەکەمی خوێندنەوە هەرگیز هەستی پێ نکا. چیرۆکی باس نەکراو، وێدەچی چیرۆکی توێژینەوەی مێژوویی بێت-یان چەشنێک لە بیرەوەری گێڕانەوەی کەسەکانی دەیەی شەستی هەتاوی بۆکان-. دەتوانێ فەزای ئەم چیرۆکە باس نەکراوە- مەبەست باس نەکراو لە پەڕدەق دایە-، پرسیارگەلی ناومێشکی توێژەرێکی دیاردەناسانە-بە پێناسەی کۆمەڵناسیی-بێت کە بۆ دۆزینەوەی لایەنی نهێنی ئەو سەردەمە گشت کەسەکانی ئەو رووداوەی دۆزیوەتەوە و هێستا لە مەجلسێک تاکەتاکە پرسیاری( چیت کوت؟ چیت کرد؟ چی کوت؟ چ کرد؟) دەپرسێت، دواتر لە چیرۆکی خۆی دا ئاوا دەست پێدەکا: (کە تاکەتاکە ئەو پرسیارەم لێکردن ئەوانەیان وت:...)، ئەم بەشەی چیرۆک-یانی بەسەرهاتی توێژینەوەی گێڕەوە، لە چیرۆک دا نەهاتووە، واتە چیرۆکی یەکەم یان هەمان چیرۆکی دەستەیەکەم ونە و باسی لێ ناکرێ و بەردەنگ تەنیا ئەو بەسەرهاتانەی دەخوێنێتەوە کە لە وڵامی گێڕەوە دراونەوە. وڵامی کەسایەتییەکان دەبێتە تۆخم و هەوێنی رۆمانێک بەناوی گابۆڕ. کە واتە

5. Paratext.(بەفارسی: پیرامتن)

چەشنی دووهەمی چیرۆک بۆ بەردەنگ دەردەکەوێت. ئەو کاتێک بەو دەرکە دەگەیەن - واتە چیرۆکی دەستە دووهەم لە گابۆڕدا- کە گەمەی بێ گۆتایی( کوتم، دەیکوت، کوتی،...) لە پێکهاتەی گشتی گێڕاونەودا، بەفەرزی بوونەی (بەردەنگی گێڕانەوە)[٦] بگرین. بەردەنگێک کە هەر کام لە کەسایەتییەکان خەریکن بۆ ئەو بەسەرهاتی ئەو رۆژانە دەگێڕنەوە. ئەم گێڕانەوە-ڕێک وەک توێژینەوەیەکی دیاردەناسانە- بچووکترین ڕاڤە ناکات و زانیاریە خامەکان رێک دەداتە بەردەستی خوێنەر/بیسەر/بەردەنگی ئەم توێژینەوە، بۆنموونە لە سەرەتای چیرۆک کاتێک دوو کەسایەتی کەریم و عەبدول متەللیب بەدیتنی دوو کچی "نیمچەجحێڵ" هەست بەبۆنێکی خۆش دەکەن، گێڕەوە تەنیا بۆ یەک ڕستە و یەکجاریش بێت لە دەمی ئەو دوو کچانە قسەدەکا-لە ڕاستی دا دەرفەت دەدات خۆیان قسەبکەن-. "*هەر دووکمان ئودکلۆنی کوبرامان لە خۆمان دابوو*."(ل،١٠). هەر بە پێی ئەم فەرزانە[٧] و بە پێی مێتۆدی دیاری کراو، لە رۆمانی گابۆڕدا لەگەڵ گێڕانەوەیەکی "دەستە دووهەم"[٨] بەرورووین.

ڕۆمانی گابۆڕ بە هێنانەوەی بەردەوامی-کوتی، کوتم،کوتت، دەیکوت- وەها بە خوێنەر دەنوێنێت کە ئەم چیرۆکە ڕایەک بۆ کەسێکی‌تر- گێڕەوەو کەسایەتییەکانی رۆمان- گێردراوەتەوە و هێستا ئەوان خەریکن بەسەرهاتەکە دیسانەکە بۆ بەردەنگ دەگێڕنەوە، بەڵام تایبەتمەندی شێوەی گێڕانەوی گابۆڕ لەوەدایە، مەودایەک لە نێوان چیرۆکی بەیسەراوە، لە لایەین گێڕەوە و گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە بۆ بەردەنگ نییە، واتە هەر رێک لەگەڵ بیستنی بۆ منی بەردەنگ هەنارده دەکا. کەواتە لە گابۆڕدا، ئێمە لەگەڵ چیرۆکێکی گشتی‌تر لەو رووداوانەی لە دەمی کاراکتێرەکان ئەبیسین بەرورووین، چیرۆکێکی دەستە ئەوەڵ، کە بەبەهانەی ئەو، بەسەرهاتەکانی ساڵی ٦٨-٦٩ی بۆکان دەگێڕدرێتەوە. بەڵام هەر وەک باسمان لێوە کرد، ئەم چیرۆکە گشتییە-گەورەترە- ونە!، واتە بەردەنگ هیچ ئاسەوارێک جیا لە نیشانەکانی پلۆتی[٩]

---

6. Narratee
(بیسەری گێڕانەوە) مەبەست ئەو بەردەنگەیە کە چیرۆکێک لەناو چیرۆک دا بۆ ئەوە دەگێردرێتەوە. بەردەنگی گێڕانەوە خۆی دوو چەشنی هەیە: یەکیان بەردەنگی گێڕانەوەی دەرەکییە کە خۆی دەورێکی لە ناو ئەو چیرۆکەی بۆی دەگێڕنەوە نییە. دووهەم بەردەنگی گێڕانەوەی ناوەکییە کە خۆی بەشدار و کاراکتێری ئەو چیرۆکەیە کە بۆی دەگێڕنەوە، ئەم چەشنە دەبێتە بەردەنگی گێڕانەوە-کەسایەتی.

**٧**. ڕەنگە زۆر کەس لەگەڵ ئەم شێوە خوێندنەوەی من هاورا نەبێت، ئەوە ڕوانگە جیاوازانە لە تۆخمی ئەدەبیات دایە.هەڵبەت هەر خوێندنەوەیەک دەبێت لە چوارچێوی مێتۆدی خۆی دابێت ولە بازنە نیشانەکانی دەق نەترازێت. بۆ جیاوازی ڕوانگەگی خوێندنەوە دەتوان سەیری جیاواز خوێندنەوەی ئاگامبێن لە کافکا لەمەڕ خوێندنەوەی ئادۆرنۆ یان خوێندنەوەی فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیزم و جیاوازی گشت ئەمانە لەگەڵ خوێندنەوەی کۆندرا کەین. هەر یەک لەوانە ڕوانگەیەکیان بە کافکا هەیە کە زۆرجار دژ بەیەک دەوێستن.

٨. دەستە دووهەم. بەمانای بەرهەم هاتوو و مەفعوولی چیرۆکێکی‌ترە، نە بە مانای کەم وکۆری وەکوو دەرەجە دوو یان کۆپی کراو.

٩.Plot

www.Kurdishbookhouse.com

لێنابینێت و تەنیا دەتوانێ فەرزی کات. شتێ رووی داوە-بۆ نموونە مێژووی ئەو سەردەمە-، ئێستا گێڕەوە دەیهەوێت ئەم رووداو و بەسەرهاتە ڕوون کاتەوە. ڕێک وەک تووێژەرێک –لە شێوەی توێژینەوەی دیمانەیی- سەردانی تاکە تاکە کاراکتێرەکان دەکا و بەردەوام دەپرسێت: "چیت کوت؟، چیت کرد؟ چی وت؟ چی کرد؟". دوابەدوا تەنیا وڵامی کەسایەتییەکان بۆ ئێمە روون دەبێتەوە. یان وەک ئەوەیە خۆمان لە مەجلسە فەرزییەکە دابین-تێکەڵ کردنی بەردەنگ لەگەڵ چیرۆک-. هەر بۆیە لە ڕۆمانی گابۆڕدا شێوەی فەزاسازی چیرۆک، جیاواز لە شێوەی ئاسایی فەزاسازی چیرۆکە-لانی کەم لە چیرۆکی کوردی دا-. گێڕەوە بە دیالۆگی کاراکتێرەکان فەزاسازی چیرۆک و هێڵی چیرۆک دەباتە پێش. بێ گومان ئەم چەشنە فەزاسازییە زۆر کاریکی ئەستەم و دژوارە. گێڕەوە مەودایەکی زۆری لەگەڵ چیرۆک نییە، ئەوش بە عەینی کردنەوەی رووداوەکانی چیرۆک نیشان دەدرێت. بەردەنگ لە پلۆتی گشتی ڕۆماندا، لە هیچ شوێنێک لێڵی و نامۆیی و یان دەروونگەرای کاراکتێرەکان نابینێت. ڕێک گشت رووداو و بەسەرهاتەکان بە بەردەنگ نیشان ئەدرێت، هەڵبەت ئەو شێوە بە گێڕەوەی زانای گشتیش دەکرێت. ڕەنگە پرسیار بێتە پێش، بۆ نووسەر لەو چەشنە گێڕەوە کەڵکی نەگرتووە؟ ئایا تەنیا بۆ تازەگەری لە گێڕانەوەدایە؟، ڕەنگە بۆ وڵام دانەوەی ئەو پرسیار زانستی نیشانەناسیی گێڕانەوەیی باشتر بتوانێ وڵام داتەوە، لە زانستی نیشانەناسی گێڕانەوەیی کە باسی پێکهاتەی چیرۆکە- نە پێکهاتە یان کەرەستەی گێڕانەوە-، باسی سەرەکی دێنێتەوە سەر کاراکتێر و پلۆتی چیرۆک. ئەوەی کە مۆدێلی ڕیوایی چیرۆک چییە و کەسایەتییەکان بە چ چەشنێک خۆ دەنوێنن. گێڕەوە وەکوو کەرەستەی گێڕانەوە تەنیا ئەرکی سەرشانی، دروست گێڕانەوەی رووداوە[١٠]. بەڵام ئەگەر خودی گێڕەوە بەشێک لە چیرۆک بوو چی؟ ئایا دیسانەکە دەتوانێت گشت رووداوەکان باس کا؟. بێگومان ناتوانێت، چوون تەنیا یەک گۆشەنیگای بۆ ئەم گێڕانەوە هەیە، ئەویش گۆشەنیگای کاراکتێرە. دیارە بۆ ئەو مەبەستە دەبێت لە گێڕەوەی زانای گشتی کەڵک بگرێت. ئەما کاتێک نووسەر دەست دەتانە ئەزموون کردنی فۆرمێکی نوێ بۆ گێڕانەوە، ئایا دیسان پێویستە هەر لە شێوەی گێڕەوەی پێشوو کەڵک بگرێت؟ نیشانەناسیی دەڵێت: نا. واتە بە پێی ئەو فۆرمە نوێیە، بۆی هەیە چەشنێکی نوێش لە گێڕەوە بۆ خۆی دەستەبەر بکا. نووسەری گابۆڕ ڕێک ئەو کارە دەکا. خودی گێڕەوە دەورێکی نادیار-مەبەست بەشێوەی کاراکتێر یان گێڕەوەی دیار- لە ناو ڕۆمان

---

١٠. ئەوەی کە درووست لە گێرانەوە دا چییە؟ دەگەرێتەوە سەر مەبەستی نووسەر لەگێرانەوەدا، زۆر جار نامۆ و لێڵ گێرانەوەی بەسەرهاتێک دەبێتە دووست گێرانەوە، واتە پێوەندی بە ناوەرۆک و مەبەستی چیرۆک داوە.

www.Kurdishbookhouse.com

دەگێڕێت. ئەم دەورەش هەمان کارلکی چەشنێک لە گێڕەوەیە کە من بۆ ئەو ڕۆمانە ناوی دەنێم "گێڕەوەی توێژەری نهێنی/نادیار".[١١]

هەر وەک ئەو فەرزەی گرتمان، ڕێک وەک ئەویە گێڕەوە، تەواوی ئەو کەسایەتییانەی کە لە ناو ڕۆمان دەوردەگێڕن بۆ مەسجلسێک بانگهێشت کردبن و بەردەوام و بە حەسانەوە لێاین بپرسێت "چی کوت؟ و چیت کرد؟" دواتر پرسیارەکانی خۆی لە ناو ڕۆمانەکە بسڕێتەوە و جارێکیتر وڵامەکان بۆ ئێمەی بەردەنگ بگێڕێتەوە، یان هەر خۆمان لەناو مەجلەسەکە دابین. لە هەر جێگەش بە پێویستی زانی گێڕەوە دێتە قسە و نۆرمی پێشووی فەزاسازی و دیالۆگ بۆ چرکەیە دەوەستێنێت و وەک ئەوە دەچێ بە هێنانەوەی تەنیا یەک ڕستە بە منی بەردەنگ بڵێت: "هۆشت بێت ئەوە منم بۆت دەگێڕمەوە، تۆ ئەم چیرۆکە دەبیستی، لەو مەجلەسەدا نی."

گابۆڕ بەشێک لە گێڕانەوەی بە شێوەی هاوتەریب تەرخان کراوە بە دیمەنی گاکوژی و کوشتارگا کە لە زەینی کەسایەتییەک بەناوی کەریم دەگێڕێتەوە. ئەم بەشەش وەکوو گشت بەشەکانیتر ناوەندی کردنەوەی ناوەکی هەیە و دیمەنەکە لە فامی کاراکتێری رۆمان دەگووزەرێ، هەر بۆیە ڕەنگە پرسیار بێتە پێش ئەگەر ئەو ڕووداوە لە زەینی کەریم دا دەگێڕدرێتەوە بۆ هێندە بە رێک و پێکی و بە ڕێزمانێکی جوان داڕێژتراوە؟ ئەویش دیمەنێکی مەترسیدار و قیزەون کە خوێن و کوشتاری تێدایەوە و هەڵبەت لەسەر مێشکی کەریم کاردانەوەی ناخۆشی هەبوو کە بەردەوام و هاوتەریب لەگەڵ چیرۆکەکە دێت؟.

*«سەللاخەکە کەلاکی مانگایەکی لە بەردەستدا بوو کەوڵی دەکرد. هێشتا سم و لاقەکانی بەحەواوە بوون و لێ نەکرابوونەوە، ڕەگێکی سەر ورگی زوو زوو لێیدەدا و دەجووڵاوە. ئاااا! خۆ سەریشیان بڕیوە! ئەو ڕەگە بۆ لە جووڵە نەکەوتووە و هەر لێ دەدا؟! ماوە؟! یانی نەمردووە؟! سەرەکەی لەولاوە دانرابوو. چاوی لە من دەکرد. ماوم. ماوم. مابوو. وەڵڵا مابوو. ئەو مانگایە هێشتا مندار نەببۆوە. چاوی لە من دەکرد. ڕەگەکەش هەر دەجووڵاوە. ئەی هاوار ئەو مانگایە ماوە!*

*رووم کردە ئەو لاوە. مانگا و گوێلکەکانی دیکە خوێن بەری چاوی گرتبوون و دەیانمووشاند و بۆنیان بە دارودیوار و عەرزەکەی کوشتارگاوە دەکرد و سمکۆڵیان دەکرد.*

---

١١. ڕەنگە ئەو گێڕەوە لە یەکم جار نزیکی واتایی بە دەستەواژی (نووسەری شاراوە)ی سیمۆر چەتمەن هەبێ. بەڵام باسەکەی من لەسەر گێڕەوەیە. نە هیچ چەشنێک لە نووسەر. نووسەری شاراوە/نادیار، بەرهەم هاتووی خوێنەری دەقە، بە وتەی لۆتە، نووسەری شاراوە، هاومانایە لەگەڵ گشت سیستەمی ئایدۆلۆژیک و پێکهاتەی نەهێنی بەرهەم هێنانی دەق، کە بە شێوەی ناراستەوخۆ مانا و دەرکی بەردەنگ لە دەق پێک دێنێت.

www.Kurdishbookhouse.com

*ڕووم کردەوە لای سەرە بڕاوەکە. چاوی هەر لە من بڕیبوو، زەقزەق چاوی لێ دەکردم. ماااوم. مااااااوم. ڕووم کردوە ئەولا. لەگەڵ وەرسووڕانی من جوانەگایەک دەستی کرد بە بۆڕاندن، ئەوانی دیکەش بە دوای ئەودا کردیانە گابۆڕ.*

چوومەدەرێ.

*بابم کوتی بۆ چوویەدەرێ؟ ترسای؟* کوتم پێم خۆش نەبوو. کوتی هەر تۆ ڕۆیشتییەدەرێ، *هێنایانەدەرێ.* کوتم چی؟ *کوتی مانگاکەی کەوڵیان* دەکرد، *گوێلکێکی لە زگدا* بوو، *ئاوس بوو.»(ل.١١٢)*

ولّام ئەوەیە، بەڵێ ڕووداوی سەرەکی لە مێشکی کەریم دا دەقەومێت، بەڵام بەردەنگ، ڕووداوی سەرەکی یان چیرۆکێکی دەستە ئەوڵی گوێ لێ نییە!!، بەپێی تیۆری باسکراوە، بەردەنگ لەگەڵ چیرۆکێکی دەستە دووهەم بەرەوروویە. چیرۆک لە پێشدا بۆ گێڕەوە گێڕدراوەتەوە و دواتر دێتە ناو مێشکی گێڕەوە و ئەوجار بە پێی زینییەتی خۆی فۆرمیکی ڕێک و پێک بە ڕێزمانێکی شیاو بۆ بەردەنگ پێدەدات واتە لە فیلتێری[12] گێڕەوە-کە لێرە وەک کاراکتێر دەنوێنێت- تێپەر دەبێت، ئەم فۆڕمەش یەکەم، بۆ ئەوەیە وەک بەشەکانیتری چیرۆک هەتا دەتوانێت بە واقعییەت و عەینییەت نزیک بێتەوە، فیلتێرکردنی ئاڵۆزی مێشکی کەریم بۆ سڕینەوەی لێڵی و نامۆیی ڕووداوە، بە چەشنێک پێشگیری لە ڕاڤەیە، دووهەم، پشوودان و وەستانی فۆرمی باوی چیرۆکە، بۆ ئەوەی جارێکیتر بە بەردەنگ بڵێت تۆ گوێ بیسی چیرۆکی منی، ئەگەر چی خۆم دیار نیم!، لەم بەشە دیارە کەریم برێ جار قسەی باوکی دەگێڕێتەوە، یانی وەک بەشەکانیتر باوکی خۆی قسەناکات:" *بابم کوتی بۆ چوویەدەرێ؟ ترسای؟* کوتم پێم *خۆشە نەبوو.* کوتی هەر تۆ ڕۆیشتییەدەرێ، *هێنایانەدەرێ.* کوتم چی؟ کوتی *مانگاکەی کەوڵیان* دەکرد، *گوێلکێکی لە زگدا* بوو، *ئاوس بوو*". ڕەنگە ئەوە یەکیک لە باشترین بەڵگەکان بێت کە بە بەردەنگ بڵێت تۆ لەگەڵ دوو چیرۆک بەرەورووی. یەکیان چیرۆکی گێڕانەوەی گێڕەوەیەکی نادیارە کە وەک توێژەرێک دەستی داوە بە توێژینەوەی سەردەمێکی تایبەت و چیرۆکەکەی بە هۆگەلی جیاواز لە ئێمەی بەردەنگ نادیارە، دووهەمیان چیرۆک و بەسەرهاتێک کە لە ساڵی ١٣٦٨-١٣٦٩ لە بۆکان دەقەومێت.

---

12 .Filter

www.Kurdishbookhouse.com

بەو جۆرەی باسکرا، ئەو گێڕەوە، یەکێ لە تایبەتمەندییەکان و ئیبداعاتی نووسەری گابۆڕە. واتە نووسەر، گێڕەوەیەکی نادیاری وەک توێژەرێکی نهێنی بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی دەستەبەر کردوە. خودی بەسەرهاتەکانی کوردستان لەو سەردەمەدا شتێکی نهێنیە، ڕەنگە ئێستاش هیچ توێژەرو نووسەرێک بۆی نەبێ لەسەر رووداوە ڕاستەقینەکانی ئەو سەردەمە شتێ باس کا و شتێ بنووسێت، هەر بەو پێیەش ڕەنگە نووسەر مافی بێت گێڕەوەی نهێنی بۆ گێڕانەوەیەک سازکات کە خۆی بەشێ لە چیرۆکەیە، بەڵام بەردەنگ نازانێت کێیە و چ کەسەیە و چیرۆکەکەی چییە. تەنانەت هیچ تەفسیر و شرۆڤەیەک لە بەسەرهاتەکان ناکا. تەواو نهێنی دەمێنێتەوە و بەردەنگ تەنیا لە پێکهاتەی گشتی چیرۆکدا و لە شێوەی بەکار هێنانی کەرەستەکانی گێڕانەوەدایە کە بۆی دەردەکەوێت لە پشت ئەم چیرۆکە، چیرۆکێکی‌تر هەیە. ڕاڤە نەکردنی گێڕەوە و هێنانەوەی رێکی بەسەرهاتەکان، ڕەنگە لانیکەم دوو هۆی هەبێت: یەکەم نهێنی هێشتنەوەی خۆی- چوون بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە کە ئێمە زۆر مافی ئەوەمان نییە لەبارەی پرسیار کەین-. دووهەم: نەوەستانی گێڕانەوە، سەرانسەری چیرۆک بەسەرهات و دیالۆگە- واتە بەردەنگ لە سەرانسەری رۆمان هیچ کات جیا لە عەینییەتی رووداو هیچ نابینێت و لێرە ڕاڤەو شرۆڤە بەتەواوی لە ئەستۆی خۆیەتی-. ئەمە شێوەیەک لە (ئێرۆتیکا) کردنەوەی ڕووداوە. ئێرۆتیکا، هیچکات لە عەینییەتی شتەکان زیاتر تێناپەرێت، بە چەشنێک بە ئێمە دەڵێت: "چۆن وتراوە نیشانت دەدەم"، پێمان دەڵێت لە ڕاستیدا هیچکات ناگەینە حەقیقەتی پەتی شتەکان. (بینینی ئێرۆتیکا)یی ڕێک بە پێچەوانەی بینینی ڕاڤەکارانەی (پۆڕنیک)ە . ڕەنگە هێنانەوەی نموونەیەکی سینەمایی ئەو باسە زیاتر روونکاتەوە، دوو فیلمی (ئینجیل بە گێڕانەوەی مەتا)ی پازۆلینی و (ئاپۆرەکانی مەسیح) لە میلگیپسۆن، بە باشی دوو شێوەی نیشاندانی "پۆڕنۆگرافیک" و "ئێرۆتیکا" بۆ ئێمە دیاری دەکا. میلگیپسۆن- وەکوو کاتۆلیکیک- ناتوانێت(١٢) سەعاتی کۆتایی ژیانی مەسیح و ئەشکەنجەکان و ئاپۆرەکانی و لە خاچ دانەکەی ڕیک وەک گێڕانەوەی "لۆقا"- کە فیلمنامەکەی لەو بەشە گرتوە- بگێڕێتەوە، بۆیە دەست دەکا بە چەشنێک لە (ڕاڤەی باشکۆ) لە ئەشکەنجەی مەسیح-تەنانەت بەکار هێنانی بازیگەرێ وەک مونیکا بلووچی بۆ باشکۆکردنی فیلمەکەیەتی-. دیمەنی ناخۆشی ئەشکەنجە، فەزای ڕەنگاوڕەنگی فیلم، مۆسیقای تایبەت، رۆڵ و کەسایەتی فیلمەکە، شرۆڤەیەکی پۆرنیک لە ئەشکەنجە و لە خاج دانی مەسیح دەکەن- ئەو پێی وایە مەرگی مەسیح پاشکۆترین مەرگی جیهانە. بۆیە لە حەولی ئەوەدایە هەنگاوێک زیاتر لە گێڕانەوەی لوقا هەڵبنێت و بە حەقیقەتی پەتی رووداوەکە بگات. چەمکی پۆرنیک کردنەوە، هەمیشە ئالوودەی فانتازییای حەقیقەتە. هەمیشە وەها

www.Kurdishbookhouse.com

هەست دەکا کە لە پشت رووکەشی رووداوەکان شتێ شاراوەتەوە و بۆیە دەبێت کراس و پۆشاکی ئەم حیجابە دابگرین و بە لایەنی حەقیقەت بگەیەن. فەرزی بوونی ئەم لایەنە حەقیقیە، هەڵگری ڕاڤەیە، هەڵگری لکاندنی پەڕ و پۆ بە رووداو و بەسەرهاتە.-ڕەنگە هیج کات بۆمان دەرنەکەوێت کە وایە یان نا-. بەڵام فیلمەکەی پازۆلینی-وەک مارکسیستێک- رێک بە پێچەوانی میلگیپسۆنە، پازۆلینی رێک ئەوشتەی لە (ئینجیلی مەتا)دا باس کراوە دەیگێڕێتەوە، تەنانەت دیالۆگی فیلمەکەش هەر دیالۆگی ناو ئینجیلی "مەتا"یە، پازۆلینی حەول دەدات هیچ شرۆڤە و دەست درێژیەک بۆسەر دەقی ئینجیل نەکا- لێرەدا پابەندبوون بە دەقی ئینجیل وەک کوفر دەنوێنێت – واتە لە چەشنێک "ئێرۆتیکا" کەڵک وەردەگرێت کە بە شێوەی "ئالیگۆریا" دەڵێت: ئێمە هیچکات نازانین ئایا مەرگی مەسیح ئەو جۆرە کە دەڵێن بەشکۆ بووە یان نا!!. لە ئێرۆتیکا بەردەنگ لەگەڵ ڕواڵەتی رووداو/مانا بەرەوروویە، ئیتر فانتزیای حەقیقەتی سەرسوڕهێنەر بوونی نییە، هەر بۆیەش هیچ ڕاڤە و لق وپۆیەک بە رووداوەکە ناوەلکێت. ئێرۆتیکا بۆ سڕینەوەی وەهمی حەقیقەتی پەتییە، ئێمە بەردەوام لەگەڵ تەفسیرەکان بەرورووین، هەر تەفسیرەی، مانا و دەروازەیەک دەکاتەوە کە دیار نییە کامەیان درووستە. بۆیە تەنانەت ئەگەر بەشوێن تەفسیرەکەش دکەوین ئۆقرەی دەروونی ناگرین و هەست دەکەین شتێ دەبێ کەم بێت و چێژێک لەو ڕاستییە وەهمییەی نابەین. بەڵام ئێرۆتیکا، هەر لە سەرەتاوە دەڵێت: "گەیشتن بە حەقیقتی پەتی. وەهمە. ئەوە جۆرەی دەیبینی باسی کە، تەنانەت ئەگەر ڕەنج و دەردیشی هەبێ".

کارکری چەشنی ئیرۆتیکای گێڕەوەی گابۆڕیش رێک وەها دەنوێنێت. گێڕەوە بە شێوەی ئالیگۆریا و دواتر دخاڵەت نەدانی ڕاڤەی خۆی و ئێرۆتیکا کردنەوەی بەسەرهات- بە ئێمەی بەردەنگ دەڵێت: "ئەوە بەسەرهاتەکەیە، ئیتر خۆت دەزانی!!!"،. ئەم چەشنە بینینەی گێڕەوە مەودایەک بۆ فرەگوتاری[13] لەناو ڕۆماندا دەکاتەوە، نەبوونی "وەستانی گێڕانەوەیی" و تەفسیرنەکردەوەی گێڕەوە و گێڕانەوەی گشت دیالۆگ و بەسەرهاتەکان هەر بەو چەشنە کە بۆیان باس کردوە، ئەوە فرە گوتارییە بە جوانی نیشان دەدات، لێردا گێڕەوە وەک توێژەرێکی ڕاستەقینە مەودایەک نێوان خوێندنەوەی خۆی- کە هیچ کات بۆ ئێمەی روون ناکاتەوە، چۆن ئێرۆتیکای دەق دەشێوێنت- و بەسەرهاتی قەوماو، دەکاتەوە- واتە مەیلی بەڕاڤە نەکردنی مێژوو-. ئەو مەودایە فرە گوتاری لە رۆمان پێک دێنێت- هەڵبەت شێوەی تریشمان بۆ نیشان دانی فرە گوتاری لە لایەن نووسەری ڕۆمان هەیە-. کەسایەتی (میرزا هادی) باوکی متەللیب تەواو لە گوتارێکی ترەوە قسە دەکات، کەریم و متەللیب لە گوتارێکی ترەوە و

13 . Polyphony

www.Kurdishbookhouse.com

چەکدارەکانیش لە گوتارێکی ترەوە-، بەڵام بەپێی عەینییەتی چیرۆک و پابەندبوونی بەوەی کە دەبێت ڕێک چیرۆک وەک خۆی بگێڕدرێتەوە، هەموو بۆیان هەیە قسە بکەن-. تەنانەت لە برێ شوێن بەردەنگ وەها لێدەکات کە بڵێت باوکی عبدول متەللیب-میرزا هادی- ڕاست دەکا!!!.-لانی کەم وەکوو باوکێک لەو سەردەمانەدا-.

وتمان چیرۆکێک کە بەردەنگ بەرورووی دەبێتەوە خۆی بەرهەم هاتووی چیرۆکێکیترە. بە زمانێکیتر، چیرۆکێک هەیە کە لەودا، کەسێک بەسەرهاتەکانی ساڵی٦٨-٦٩ی کوردستانی بۆ دەبێتە پرسیار، بۆیە گشت ئەوە کەسانەی لەوە ساڵانەدا هەبوون ئەبینێتەوە و لێیان ئەپرسێت چی بوو؟ چیت کوت؟ چیت کرد؟. بەڵام ئەوەی کە بەردەنگ دەیبینێتە تەنیا وڵامی چیت کوت؟ و چیت کردە؟یە. گێڕەوە دخاڵەتێک لە وڵامەکاندا ناکا و حەول دەدات ئەوەی کوتراوە بیگێڕێتەوە. وێدەچێ هەر چەشنە ڕاڤەیەک لەسەر مێژوو، دەستکاری مێژوو بێت و ئێمە هیچکات نەزانین چ لە مێژوودا قەوماوە!. ئەم وریاکردنەوە لە مەڕ دەستکاری مێژوو لەسەرتای ڕۆمان لە زاری یەکێک لە کاراکتێرەکانە ئەبیسترێت:

*"کوتم کوڕە تاریخ هەمووی درۆ و دەلەسەیە. شایەدیش لە تاو ژن و کچەکانی کەریمخان تووی تکابێ! جا بۆیە دەڵێم بێتوو زۆرت ئیشتیا لە شتێک بێ و نەیخۆی و لیکت بۆی بێتە خوارێ، تووت دەتکێ و دوایی بەدبەخت دەبی."*(ل:٩)

بۆیە گابۆڕ گێڕانەوەی پڕ مەترسی مێژوویەکی بزرکراوە، لە هیچ دەقێکی مێژووییدا مێشک و بیری تاکەکان باس ناکرێت، نازانین چ بووە کە وەهای لێهات، تەنیا و تەنیا دەبێت خۆیان بێن و بۆمان باسکەن. بە چەشنێک زیندوویان کەینەوە، ئەم مێژوویە لایەنی نادیاری بیری مرۆڤێکەلێکی تایبەتە، ڕەنگە بۆ زۆربەمان قەومابێت، یان کەسانی وەهامان دیبێت بەڵام زۆر کەم پێش هاتووە لێمان پرسیار کردبن: بەراستی ئەوە سەردەمە تۆ چۆن بووی؟ چیت دەکرد؟. ڕۆمان هەر وەک باڵزاک دەڵێت زیندوو کردنەوەی ئەو بیرە لە بیرکراوەیە، پاراستنی گۆشەیەک لە مێژوویە و پێشگیری لە شرۆڤە و ڕاڤەی لاڕێیە.

سەید قادر هیدایەتی، لەوە پێش بە نووسینی دوو نۆڤێلی (دەنگی نوختە)و (تۆقی عەزازیل) خۆی وەک نووسەرێکی بەتوانا لە مێژووی چیرۆک نووسی کوردیدا ناساندبوو. بەڵام بە گابۆڕ، نە تەنیا جێگەی خۆی سەقامگیرتر کرد بەڵکوو شتێکیشی بە گێڕانەوەی ئێمە زیاد کرد. هێنانە ئارای چەشنێک لە

www.Kurdishbookhouse.com

گێڕەوە کە دەرفەتی فرە گوتاری دەدات و گۆشەنیگایە بۆ گێڕانەوە هەڵدەبژێرێت کە مافی گشت ڕوانگەکان دەپارێت. ئەوە دەرفەت دانە، تەنیا و تەنیا لە مێشکێکی دیمۆکراتیک بەرهەم دێت. مێشکی تاک ڕەهەندی و تەک جەمسەری مافی دەرخستنی هیچ گوتار و دەنگێکی جیاواز نادات و بەر لەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکە بگێڕێتەوە، ڕاڤەی ساختەچیانەی خۆی کردوە و مێژوویەک کە خۆی بەدڵیەتی ڕادەستی بەردەنگی دەکات.

**سەرچاوە:**

*کتێبی سێبەری زیندووی نووسین(کۆمەڵە وتارێک لەسەر ڕۆمانی گابۆڕ)، هاشم ئەحمەدزادە، ، بەختیار سەجادی ، کاوان محەممەدپوور و.... چاپەمەنی گوتار. سەقز. ١٣٩٧

www.Kurdishbookhouse.com